## لە سویسرا منالان (بەراتیان) کرد ... کونجـــــرینی



لەلای ڕاستەوە (ڕۆبین، سویسری) - (ڕێژوان و جێژوان کونجرینی) - (ئالبان، ئالبانی) ڕۆژی 31. ئۆکتۆبەری هەمووساڵێك لە وولاتی سویسرا، منالان بەجلووبەرگی ڕەنگاو ڕەنگ خۆیان ئەگۆڕن و کلاوێکی پلاستیکی لەسەرئەکەن و بەمالاندا دەگرێن، تەقە لەدەرگای هەموو ماڵەکان ئەدەن و خاوەن ماڵەکە کە پێش وەخت خۆی ئامادەکردووە بۆ ئەم جێژنە، دێنە دەرەوەو شیرنی کە پێك هاتووە لە شوکولاتەو نقوڵ و تەنانەت کێك بەسەر منالاندا دابەش ئەکەن، منالان وەك بەراتی لای خۆمان نزیکەی چەندسەئاتێك چوار دەوری ماڵ و تەنانەت چەند ماڵێکی دوورەدەست، دەگەرێن. لەکاتی گەڕانەوەیاندا، بە ساکێك شیرینیەوە دێنەوە بۆ ماڵەوە، ئەو شەوە منالانان زۆر دڵشادن، بەوەی کەخۆیان ماندوو کردووەو خەلاتیان دەست کەوتووە.
ئەو وێنەیەی کەلەسەرەوەی ڕۆژی سی ویەکی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ گیراوە کە پێش وەخت منالەکانی من لەگەڵ دووهاوڕێ ی خۆیان، خۆیان ئامادەکردووە بچن بۆ بەراتێنە، وەبەشداری شەوی بەرات بکەن.

01. نۆڤەمبەر. 2005
kuncrini@yahoo. de